وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سۆران ــ فاکەڵتی پەروەردە
بەشی کوردی ـ قۆناغی یەکەم
گرۆپ (A)

# ڕێزمانی کوردی
# نــــــــاو

**ئامادەکردنی**
بشار حاتم
احمد مطلب
هەمین خوشەوی
اخلاس کریم

**بەسەرپەرشتی**
م: حاجی عبدوالرحمان

# نـــاســـاندنی بابـەت

ئێمە لێرەدا باس لە نــاو ئەکەین، کە ناو چیە؟ بە کورتی لە ناو ئەدوێین، باسی جۆرەکانی و چونیەتی دروست بۆنیان و یاساکانیان دەکەین . بەم شێوەیە:

**- پێناسەی ناو**

**- تایبەتمەندیەکانی ناو**

**- ناو لەڕوی ژمارەوە**

**- ناولەڕووی ناسینەوە**

**- ناو لە ڕووی هەبوونەوە**

**- ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە**

**- نـاو لە ڕووی پێکهاتنەوە**

**- ناولەڕووی ڕەگەزەوە**

# پێـــــناســـــــه ی نــــــاو

نـــــــاو:بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن،ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە بەسەر گیاندارێک یان بێگیانێک یان بیرێک یان ڕووداوێک دەنرێت یان دادەبڕێ کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی یان ناساندنی.

نـــــــاو:وشەییێکی واتادارە کاتی تێدانیە ،گیان لەبەرێک یان جێگاییێک یان نەتەوەیەک یان شتێک ناودەنێ.
وەک:سەروەر،پلنگ،کورد،عێراق،بەرد،ئامەد.....هتد

نـــــــاو:ئەو وشەیە کە سەربەخۆ واتایەک دەگەیەنێت کەبە کاتەوە بەند نیە.

# تایبەتمەندیەکانی ناو

ئێمە لێرەدا دێین باس لە تایبەتمەندییەکانی ناو دەکەین، کە ناو چەند تایبەتمەندییەکی هەیە هەندیک لەوانە (ناو دەتوانێت ببێت بە کۆ، دەبێت بە ناسراو، دەبێت بە نەناسراو ، دەتوانێت پاشگرەکان وەربگرێت، دەبێتە سەرە گرێ لە گرێی ناوی.......)

ـ لە گرێی ناوی دا ناو دەبێتە سەری گرێیەکە.

داربەڕووی کوردستان

منداڵی برسی

## ـ ناو كۆدەكرێتەوە.

لەزمانی کوردیدا هەموو ناوێک توانای کوکردنەوەی هەیە.ئەویش لەڕێگەی نیشانەی سەرەکی (ان) نیشانەی ناسەرەکی (ات،هات،جات،وات،گەل،ەها) لە تاکەوە دەکرێن بە کۆ.

کوڕ+ ان ـــ کۆڕان ــ ژن + ان ـــ ژنان

ماموستا+ان ــ ماموستایان ــ نەخوشخانە +ان ـ نەخوشخان

باخ+ات.....باخات ــــــ میوە+جات....میوەجات

مێ +گەڵ ...... مێگەڵ ــــــ ساڵ+ەها......ساڵەها

دێ+هات.....دێهات

ـ ناو دەكرێت بە ناسراو.

ناودەكرێت بە ناسراو ئەویش بە هۆی نیشانەی ناسراوی(ەكە)وە ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەم...ە)وە دەتوانین ئەمە ببینین وەک لەو نمونانەدا.

كوڕ+ەكە.....كوڕەكە ـــــ چرا +ەكە ....چراكە

یاریگا + ەكە ....یاریگاكە ــ چیا + ەكە ــ چیایەكە

مندال+ەكە.....مندالەكە

ئەم كوڕە زیرەكە ــ ئەم قوتابییە چاڵاكە

ئەم پیاوە ـــــ ئەو ژنە ئەم كابرایە

ـ ناودەکرێت بە نەناسراو.

ناو دەکرێت بە نەناسراو لەڕێگەی نیشانەی (ێک ، ێ ، ەک) دەتوانین لەم نمونانەی خوارەوەدا بیبینین.

پیاو + ێک ، ێ .... پیاوێک ـــ پیاوێ

چرا + ەک ، ێ ، ێک ...... چرایەک ، چرایێ ، چرایێک

کتێبێ ، دارستانێک،کابرێێک ،ماسی یەک ، دێ یەک

ـ پاشگرەکان ڕولێکی چالاکیان هەیە لە دارشتنی ناودا دەتوانن گۆڕانکاری بەرچاو دروست بکەن.

تووڕە +ی... تووڕیی ـــ خراپ+ە... خراپە

وت+ار...وتار ـ نووس+ەر....نووسەر ـ کوشت+ار..کوشتار

سەر+باز...سەرباز ـــ هونەر+مەند ....هونەرمەند

# جۆرەکانی نـــــاو لەڕووی ژمارەوە

١ـ ناو لەڕوی ژمارەوە:

ناو لە ڕێزمانی کوردیدا لە ڕووی ژمارەوە بەسەر تاک و کۆ دابەشدەکرێ،بەم شێوەیە:ـ (ناوی تاك ـ ناوی کۆ)

أـ ناوی تاك: بەو ناوانە دەوترێ کە بۆ تاکە کەسێک یان تاکە شتێک بەکاردێت. وەکۆـ کوڕ،کچ،ژن،چەقۆ،چرا.......هتد

ب ـ ناوی کۆ: بەو ناوانە دەوترێ کەبۆ کۆمەڵە کەسێک یاخۆد کۆمەڵە شتێک بەکاردێن،کە لە دووشت یان دووکەس زیاتر بێ. وەکۆ ــ

کچان،کوڕان،مامۆستایان،قوتابخانان،باخات،سەوزەوات،ساڵەها، جارەها.......هتد

ناوی کۆ:لەزمانی کوردیدا بەهۆی نیشانەی تایبەتییەوە ناوێک لەتاکەوە دەگۆڕدرێ بۆ کۆ بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ بەهۆی نیشانەی سەرەکی ( ان ) کە لە زمانی کوردیدا نیشانەی سەرەکی کۆیە،دەچێتە سەر بەشی دواوەی ناو.

ـ لەکاتی وەرگرتنی نیشانەی کۆدا، ئەگەر ناوەکە بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، ئەوە هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵکو وەک خۆی دەنووسرێ وەکو:ـ

کوڕ+ان ........ کوڕان ـــــ کچ + ان ....... کچان

پیاو + ان ...... پیاوان ــــ ژن + ان ....... ژنان

ـ بەڵام ئەگەر ناوەکە کۆتیی بەپیتی بزوێن هاتبوو،ئەوا گۆڕانکاری بەسەر دادێ، لەهەندێ حاڵەتدا پیتی(ی) نەبزوێن دێتە نێوان ناوەکە و نیشانە کۆیەکەوە، لەهەندێ حاڵەتی تردا (ه) لەناودەچێت.

مامۆستا + ان ...... مامۆستایان

قۆتابخانە + ان ..... قۆتابخانان

٢ــ بەهۆی نیشانەی ناسەرەکی، کە نیشانەکانی

(ات،هات،جات،وات،گەل،ەها)

دەگرێتەوە، و دەچنە سەر ناو لە تاکەوە دەیگۆڕن بۆ کۆ.

هەر بۆیەش پێی دەوترێ نیشانەی ناسەرەکی، چونکە ئەم نیشانانە دەچنە سەر چەند ناوێکی دیاریکراو.

هەر وەکۆ ئەم نموونانەی خوارەوە:

باخ + ات ......... باخات ــــــــ دێ + هات ........ دێهات

سەوزە +وات ..... سەوزەوات ــ میوە + جات .....
میوەجات

ساڵ + ەها ...... ساڵەها ــــــ مێ + گەل ....... مێگەل

# نـــــــاو لە ڕووی ناسینەوە

٢ـ ناولەڕووی ناسینەوە:

ناو لە زمانی کوردیدا لە ڕووی ناسینەوە بەسەر ناوی ناسراو ناوی نەناسراو دابەشدەکرێت:

أــ ناوی ناسراو: لە زمانی کوردیدا بە چەندین شێوە ناودەبێتە ناسراو:

١ـ بەهۆی نیشانەی (ەکە) یان هەندێ جار بە نیشانەی (ە) دەبێتە ناسراو، نیشانەکە دەچیتە سەر بەشی دواوەی ناو لە نەناسراوە وە دەیکات بە ناسراو بەڵام لێرەدا دەبێت ئاگاداری پیتی بزوێن و پیتی نەبزوێن بین، چۆنکە بەهوی بونی پیتی بزوێن لە کوتایی وشەوە ،ئەوەگۆڕانکاری ڕوودەدات.

کوڕ+ ەکە ..... کوڕەکە

برا+ەکە ..... براکە ـ برایەکە ـ (تێچونی بزوێن ـ پەیدابونی نەبزوێن)

چرا + ەکە .... چراکە ـ چرایەکە ـ (تێچونی بزوێن ـ پەیدابونی نەبزوێن)

٢ـ بەبێ نیشانەی (ەکە) کە ئەمیش لەم حالەتانەی خوارەوە ناودەبێتە ناسراو:

ـ ناوی تایبەتی ناسراوە، وەکو ناوی مرۆڤ( ئازاد،محمد ،کاژین....هتد)
ـ ناوی ئاژەڵ (شێر،گورگ .........)

ناوی وڵات( ئەلمانیا،فەرەنسا.....)ناوی هەرێم (کوردستان، باسک.....)
ناوی شار (هەولێر، دهوک..........) ناوی قەزا(سۆران،مێرگەسۆر....)
ناوی لادێ(سارداو، شێروکیا)

ـ ئەگەر ناوێک بە هۆی ئاوەڵناوی نیشانەوە(ئەو....ە ـ ئەم....ە ـ ئەو..انە ـ ئەم.. انە) دەست نیشان بکرێت،ئەوا ئەو ناوە دەبێتە ناوی ناسراو وەک :

<u>ئەم</u> کوڕە زیرەکە

ـ بەهۆی ئامرازی دانەپاڵەوە، ئەو وشانەی بەهۆی ئامرازی دانەپاڵەوە دەخرێنە پاڵ یەکتری دەچێتە حاڵەتی ناسراوی، وەک:

کچی ئازاد جوانە

ب ـ ناوی نەناسراو:

بەو ناوانە دەوترێت کە بۆ حاڵەتی نەناسراوی بەکاردێن، ناوی نەناسراویش هەندێ جار بەهۆی نیشانەی نەناسراوی دروست دەبێت، نیشانەی نەناسراویش (ێ،ێک،ەک) کە دەچێتە بەشی دواوەی ناوەکە، هەندێ جاریش بەبێ نیشانەی نەناسراوی خۆی نەناسراوە:

کوڕ+ ێ،ێک،ەک ....... کوڕێ،کوڕێک،کوڕەک

کچ + ێ ...... کچێ

کوڕێک هاتە ماڵمان

# نـــــــاولەڕووی هەبوونەوە

٣- ناو لە ڕووی هەبوونەوە

بەسەر سێ جۆر دابەشدەکرێ:

١-ناوی ماددی:

بەو ناوانە دەگوترێ کە بوونێکی سەربەخۆ و واقعیان هەیە و بەر یەکێک لە هەستەکانی مرۆڤ دەکەون . بۆ نموونە:دار ، پەنجەرە ، کورسی، مێز....

٢-ناوی واتایی(مەعنەوی):

ناوێکە خۆی لە خۆیدا بوونی سەربەخۆی نییە، بەڵکو لە هزر و خەیاڵدا پەیدا دەبێت و بەر هیچ یەکێک لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت، ئەویش دەکرێ بە دوو جۆر:

أ-ناوی واتایی بنجی: هەر خۆی لە بنەڕەتدا ناوێکی واتاییە بۆ ئەم مەبەستە دانراون، وەکو: شەرم ، هێز ، دەروون، گیان ، هۆش ....هتد

ب-ناوی واتایی نا بنجی: ئەو ناوانەن لە بنەڕەتدا نا بنجین بەڵام بەهۆی پاشگرەوە دەبنە ناوی واتایی، کە بەم جۆرە دروست دەبێت:

١-ناو+پاشگرەکانی (ی، ەتی، یەتی، ایەتی، ێتی، ینی، اتی، یی...) = ناوی واتایی بنجی .

وەکو: برا+ەتی = برایەتی

٢-هاوڵناو+پاشگرەکانی(ی، یەتی، ێتی، ایی، اتی،....) = ناوی واتایی نابنجی

أ-ئاوڵناوی چۆنیەتی، وەک : ڕەشی، باشی، بڵندی، ئازایەتی،..

ب-ئاوڵناوی بکەری داڕژاو، وەک: نووسەری، سەرپەرشتیاری، دانایی، زانایی

ج-ئاوڵناوی بکەری لێکدراو، وەک: گەشبینی، دڵخوازی

٣-ڕەگی کار+پاشگری(ە)= ناوی واتایی نابنجی

پرس+ە= پرسە ، ناڵ+ە= ناڵە

٤-قەدی چاوگ+پاشگری(ار)=ناوی واتایی نابنجی

کرد+ار= کردار ، مرد+ار=مردار

٥-ڕەگی کار+پاشگری(ی)= ناوی واتایی نابنجی

دز+ی=دزی

# نـــــــاو له ڕووی ناوەڕۆكەوە

٤- ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

بەسەر سێ جۆر دابەشدەکرێ:

١-ناوی گشتی:

بەو ناوانە دەوترێ کە بە هەموو ناوێکی گیاندار یان بێ گیان دادەبڕێ، کە خاوەنی یەک ڕەگەزن، بەو واتایەی کەکەسێک یان شتێکی دیاریکراو پیشان نادات، وەکو:(ڕووبار، چیا، دەشت، کوڕ، کچ، پیاو، ژن،....)

نموونە: کوڕێکی زیرەکە ، پیاوێکی باشە.

٢-ناوی تایبەتی:

بەناوی گیاندار و بێ گیانی دیاریکراو دەوترێت، بەو واتایەی کە کەسێک یان شتێکی دیاریکراو پیشان دەدات. وەکو :

ڕووبار/ ئاراس، فوڕات، دیجلە.....هتد.

زێ/ بچوك، گەورە، سیروان......هتد.

چیا/ سەفین، هەڵگورد،برادۆست....هتد

وشەکانی (ڕووبار، زێ، چیا)ناوی گشتین، بەڵام وشەکانی (فوڕات، سیروان، هەڵگورد) ناوی تایبەتین

(ڕووباری) (فوڕات) لە عێراقدایە.

٣-ناوی کۆمەڵ:

بەو ناوانە دەوترێت کە لە ڕواڵەتدا تاکن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا کۆن.

نمونە: هۆز، لەشکر، چین، دەستە، گروپ...هتد

دەستەیەک پێنووسم بۆ بکڕە ، لەشکری دوژمن بەڕێوەیە

# نـــــاو لە ڕووی پێکهاتنەوە

٥ـ نـاو لە ڕووی پێکهاتنەوە

بەسەر سێ جۆر دابەشدەکرێت:

١ـ ناوی سادە: لەوشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە، بەمەرجێ ئەم وشەیە ناوبێت.

وەکو:(نازدار،ڕزگار،دارا،چاو،کەو)

٢ـ ناوی داڕێژراو:بەو ناوانە دەوترێت، کە لە وشەیەکی سادە لەگەڵ پێشگرێک یاخود پاشگرێک یاخود هەردووکیان پێکدێت،بەم شێوەیەی خوارەوە:

أـ ناوی سادە + پاشگر (گەر،دار،ساز،بەند،وان،چی،باز،کەر،مەند.....هتد) = ناوی داڕێژراو

ئاسن+ گەر = ئاسنگەر ـــــــ سەر+ باز= سەرباز

هونەر+ مەند =هونەرمەند ـــــــ چای + خانە = چایخانە

شەو + گار= شەوگار

(کوترباز،نانکەر،سواڵکەر،دەوڵەمەند،چایچی،خانچی،ناڵبەند، گاوان،باخەوان،دانساز،گیاندار،دووکاندار)

ب ـ ئاوەڵناوی سادە + پاشگری(ی،یی،یەتی،ایەتی،ە،ایی،ێنە...هتد)= ناوی داڕێژراو

بڵند + ایەتی = بڵندایەتی ـــــ گۆج +ی = گۆجی

تووڕە + یی = تووڕە یی ـــــ مەرد +ایەتی = مەردایەتی

خراپ +ە = خراپە ـــــ پاک + انە = پاکانە

ج ـ کاری سادە + پاشگر= ناوی داڕژاو

وت+ ار= وتار ـــــ کوشت +ار= کوشتار

درووو+ مان =درووما

دـ ڕەگی کار+ پاشگر = ناوی داڕژاو

بن + ار = بنار ـــ پێش +ەوە = پێشەوە

هـ ـ ئاوەڵکاری سادە+پاشگر=ناوی داڕژاو

نووس+ەر=نووسەر پرس + یار = پرسیار

وـ پێشگر +ڕەگی کار =ناوی داڕژاو

پێ + ویست = پێویست

٣ـ ناوی لێکدراو :

بەوناوانە دەوترێت، کەلە دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکدێت، بەم شێوەیە:ـ

١ـ ناوی سادە+ناوی سادە = ناوی لێکدراو

شا+ هەنگ = شاهەنگ ـــ مار + ماسی= مارماسی

٢ـ ناوی سادە + و + ناوی سادە (هاووات )= ناوی لێکدراو

ئاخ+و+ئاخ=ئاخ وئاخ ـــــــ ئاهـ+و+ئۆف=ئاهوئۆف

٣ـ ناوی سادە + ناوبەند + ناوی سادە = ناوی لێکدراو

بەرد + ە + نوێژ= بەردەنوێژـــ کولێرە + بە +ڕۆن=کولێرەبەڕۆن

٤ ـ ناوی سادە + ناوبەند + ئاوەڵناو = ناوی لێکدراو

مێرگ + ە+سوور =مێرگەسوور ـــ گۆم +ە+شین=گۆمەشین

٥ـ ئاوەڵناوی سادە + ناو= ناوی لێکدراو

ڕەش +ماڵ=ڕەشماڵ

٦ـ ئاوەڵناوی سادە + ناوبەند + ناوی سادە = ناوی لێکدرا

ڕەش +ە+ با= ڕەشەبا ـــ سەوز+ە+گیا=سەوزەگیا

٧- ناوی سادە + ڕەگی کار = ناوی لێکدراو

دار+ تاش= دارتاش ـــــ دڵ+ خواز= دڵخواز

٨- ناوی سادە + ناوەند + قەدی چاوگ = ناوی لێکدراو

دەست + و + برد=دەست وبرد

٩- کاری ڕابردوو + ناوبەند+ ڕەگی کار = ناوی لێکدراو

چۆ= هاتوچۆ ــــ گفت + گۆ=گفتۆگۆ هات + و+

١٠- ئاوەڵکار + ناوی سادە = ناوی لێکدراو

پێش + نوێژ= پێش نوێژ ـــــ بەر + ماڵ = بەرماڵ

١١- ئاوەڵکار + ناوبەند + ناوی سادە = ناوی لێکدراو

پاش+ ە + ڕۆژ= پاشەڕۆژ

١٢- ناو+ ناوبەند + ناو= ناوی لێکدراو

قرچ+ ە+ قرچ= قرچەقرچ

چەق+ە+چەق=چەقەچەق

جیڕ + ە+جیر=جیرەجیر

١٣- ناوێکی سادە + و+وشەیێکی بێ واتا = ناوی لێکدراو

قەرز +و +قۆڵ=قەرزوقۆڵ ـــــ گژ+ و+ گیا = گژوگیا ـــــ گوڵ +و+ موڵ =گوڵ وموڵ

# نـــــاو له ڕووی ڕەگەزەوە

٦ـ ناولەڕووی ڕەگەزەوە

ناو له زمانی کوردیدا له ڕووی ڕەگەزەوە، بەسەر ناوەکانی(نێر،مێ،دوو لایەن،بێلایەن)دابەشدەکرێت بەم شێوەی خوارەوە:

ـ ناوی نێر : بەو ناوانە دەوترێت کە بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێن.

*ناوی تایبەتی کوران: ئازاد،شێرزاد،محمد...هتد.

*ناوی کەسانی نێرینە:باوک،خاڵ،مام،کوور...هتد.

*ناوی گیانلەبەری نێر: کەڵەشێر،هەسپ،یەکانە،...هتد.

*ناوی پیشەی پیاوان: نانەوا،فیتەر،گۆشت فرۆش،گاوان،پاسەوان...هتد.

٢ـ ناوی مێ: بەو ناوانە دەوترێت کە بۆ رەگەزی مێ بەکاردێن.

*ناوی تایبەتی کچان: شیرین،نێرگز،ساوین...هتد.

*ناوی کەسانی مێ : دایک خاڵۆژن،پور،کچ...هتد.

*ناوی گیانلەبەری مێ: مریشک،ماین ماڵۆس...هتد.

*ناوی پیشەی کچان: جلشۆر،نانکەر،تەشی رێس...هتد.

٣ـ ناوی بێلایەن: بەو ناوانە دەوترێت کە رەگەزی نێر و مێی تێدا نیە.

وەکو: دار،بەرد،کورسی،دەرگا،پەنجەرە...هتد.

٤ـ ناوی دوولاین: بەو ناوانە دەوترێت کە بۆ هەردوک ڕەگەز نێر و مێ بەکاردێن.

وەک ـ قوتابی،مامۆستا،ئامۆزا،کەو،ورچ،سەگ...هتد.

*هندێک جار ئەو ناوە دوولایەنانە بە هۆی بەکارهێنانی وشەیک لە گەڵیاندا، دەتوانرێ بکرێ بە ناوی نێر یان مێ، وشەکانیش بریتین لە (نێر،مێ،ما،دێڵ،گۆڵ،کەڵ...هتد.) وەکو:

| ناوی دوولاین | بۆ نێر | بۆ مێ |
| --- | --- | --- |
| پلینگ | پلینگی نێر | پڵینگی مێ |
| سەگ | گۆلە سەگ | دێلە سەگ |
| ورچ | نێڕە ورچ | دێلە ورچ |
| گیسک | گیسکی نێر | گیسکی مێ |
| کەو | نێرەکەو | ماکەو |

# سەرچاوەکـــــــان

ــ ڕێزمانی کوردی ــ د.نەریمان ئەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی چوارەم ـ ٢٠١٢ ـ چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر

ــ ڕێزمانا کوردی ــ صادق بهاءالدین ئامێدی

چاپا یەکێ

ـــ ڕێزمانی کوردی سۆرانی ـ دکتور عەلی روخزادی

چاپی یەکەم بلاوکردنەوەی کوردستان

ـــ وە سودمان لە کتێبی (وشەڕۆنان لەزمانی کوردیدا ــ

پ.د ئەورەحمانی حاجی مارف) وەرگرتوە بو نمونەکان